**بە نـــاوی خـــوای بەخشـــندەو میهرەبـــان**
**بە نـــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەیبـــڕیـــار: ٣٣**
**رۆژی بـــڕیـــار : ٢٠٠٣/٢/٢٥**

## " بـــڕیـــار "

پشت بە حوکمی ماددەی(٤٤)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ومـاددەی(١٢)لـە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق و، لەسەر داوای ژمـارە(ت)ی رۆژی(٢٠٠٣/٢/٢٤)ی مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی نیـشتمانیی کوردستانی کە خۆی خاوەنی لیستی(سەوز)ی هەڵبژاردنـە، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/٢/٢٥)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو(طارق محمد سعید)لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا.

**دووەم:** لەبەر ئەوەی پاڵێوراوی لیستی هەڵبـژاردنی نـاوبراو، لـە(٢٠٠٣/٢/٢٥)دا سـوێندی یاسـایی خواردووە، لەبەر ئەوە ئەندامێتییەکەی لە ئەنجومەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراقـدا هـەر لـە رۆژی(٢٠٠٣/٢/٢٥)وە خراوەتە بەرکار.

**سێیەم:** پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چـوارەم:** ئـەم بڕیـارە لـە رۆژی ئیقرارکردنییـەوە رێکـەوتی ٢٠٠٣/٢/٢٥ دەخرێتـە بـەرکارو لـە رۆژنامەی رەسمیی(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمـال عبـد الکریم فـؤاد**
**ســـەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**